لە بڵاوكراوەی هاوپشتیی كرێكاریی ژمارە 8دا بڵاو كراوەتەوە

# هەشتی مارس ڕۆژی هاتنە مەیدان ژنانی كرێكار
# بۆ ڕابەرایەتی كردنی جووڵانەوەی یەكسانیخوازی ژنانە

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com




**پۆستەری 8 ی مارسی ساڵی** 1932 **لە ڕوسیا**

گەر مێژوو وەک خۆی بنووسرێتە وە، کەس ناتوانێت حاشا لە وە بکات کە ئەوە ژنانی بۆرجوازیو چینە داراكانی كۆمەڵگا نەبوون كە بۆ ڕزگاری ژنان هاتنە مەیدانو هاوسەنگی هێزیان بە قازانجی یەكسانیخوازیی گۆڕیی، ئەوە جووڵانەوەو حزبە بۆرجوازیەكان نە بوون كە لەگەڵ هاتنە سەركاریان فراوانترین ریفۆرمی یا سایىو سیاسی و ئابووریان بە قازانجی ژنان كرد . بەڵكو ئەوە كرێكاران بوون كە دەبووا لەبەرامبەر هەر ئەم دەزگاو حزبانەی سەرمایەداران كە ئیدیعای پارێزگاریی لە مافەكانی ژنان دە كەن، خە بات بكەنو سادەترین مافی وەک مافی دە نگدان لە قورگیان دەربهێنن. كاتێک ئەلكساندرا كۆلۆنتای لە ڕووسیا بوو بە وەزیر، ژنان لە زۆربەی ئەوروپا بە وڵاتێكی وەک سویدیشە وە هێشتا مافی دە نگدانیان نە بوو. ئەوە شۆڕشی ئۆكتۆبەر بوو كە بە دەستی پرۆلیتایای شورشگێڕ گسكێكی ڕاماڵیی لە پیاوسالاریو هەڵاواردنی جنسی دا.

بەڵام مێژوو كۆمە ڵێک چیرۆکو سە رگوزشتەی كۆن نییە . مێژوو زیندووەو لەگەڵماندا دە ژی، ئە و مێژووە هەر ئە مرۆش پێمان دە ڵی ئە وەی زامنی ڕزگاریو یە كسانی ژنانە ، هە ر هاتنە مەیدانی كرێكاران و لە وەش گرنگتر هاتنە مەیدانی خودی ژنانی كرێكارە.

بۆ ئە وەی باسی یە كسانی ژن و پیاو نە بێتە قسەیەكی بێ ناوە ڕۆک، نە بێتە بیزنسو سە رچاوەی قازانج ، دوور بێت لە ڕیاكاریو خۆهەڵخستن، پێویستە لە جێگای كۆنفرانسی بێ ئەنجامو كۆڕو ۆرک شۆپی بێ ئەنجامتر كار بۆ هاتنە مەیدانی ژنانی كرێكارو یەكگرتوو كردنو ڕێكخراوكردنی ژنانی كرێكار بكرێت. خاڵی لاوازی پیاوسالاری لە كۆمەڵگادا لەو جێگایەدایە كە ژن كار دەكاتو بەرهەمدەهێنێت، هەر بۆیە كاری ئامانجداریش بۆ ڕزگاریی ژنان پێویستە لەم ئەڵقە بەهێزەی یەكسانیخوازی، لەم ئەڵقە لاوازەی دوژمنانی یە كسانی ژنو پیاوەوە ببرێتە پێشەوە.

2009/03/06